# پەیامی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیان بەختکردووانی کۆمەڵە

کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە گەرمترین سلاّوەکانی خۆی ئاراستەی ئێوە بنەماڵە و کەس و کاری خۆشەویستی گیان بەختکردووانی کۆمەڵە دەکا. پەیوەندێك کە ئێوە بە لە دەست دانی ئازیزانتان لەگەڵ کۆمەڵە بەستووتانە پەیوەندێکی بەهێز و هەمیشەییە. ئەو ئامانجەی کە ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەمان لە پێناویدا گیانیان بەخت کردووە واتە دادپەروەری کۆمەلاّیەتی و نەمانی هەرجۆرە ستەم و چەوسانەویەك لە کۆمەڵگادا پیرۆزترین ئامانجی مرۆڤایەتییەو بەردەوام و مانەوەی ئەو ئامانجانە بووەتە بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی.

کۆمەڵە لە کۆنگرەی دەهەمی خۆیدا جارێکی‌تر لە سەر نەگۆڕبوونی جێگاو شوێنی کۆمەڵە بۆ هەوڵدان لە پێناو وەدی‌هاتنی ئەو ئامانج و خواستە مرۆییانە جەختی کردەوە و بە لێکدانەوەی هەل‌ومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان و هەروەها گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە جارێکی‌تر ئەرکی خۆی لە هەل‌ومەرجی ئێستادا روون کردەوە و ئیرادەی خۆی بۆ رێبەری کردنی بزووتنەوەی هەقخوازانە و رەوای گەلی کورد و دەستەبەرکردنی ئازادی و رزگاری لە چەوسانەوە راگەیاند و بەم جۆرە بۆ درێژەی ئەو رێگا پڕ لە شانازییەی کە ئازیزانی ئێوە لە پێناویدا گیانیان بەخت کرد جارێکی‌تر لەگەڵ ئەوان و هەروەها لەگەڵ ئێوە کە هەڵگری بەشێك لەو نەریتە پڕبایەخەن پەیمانی تازە کردەوە.

خەبات و تێکۆشانی ئێمە رێگایەکی دوور درێژ و پڕ لە سەختی و هەوراز و نشێوی بڕیوە. ئێمە هەر ئێستا لاوانێکی خەباتکار هاوسەنگەرمانن کە رۆڵە یان کەس‌وکاری نزیکی بەشێك لە شەهیدانی کۆمەڵەن‌و بوونی ئەوان لە مەیدانەکانی خەباتدا چ لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەو چ لە بوارەکانی‌تری خەباتدا سەلمێنەری بەردەوام بوونی ئەم خەباتەیە تا سەرکەوتنی یەکجاری. ئێمە لە هەمان کاتدا بایەخی هاوپشتی و یەکریزی ئێوە بنەماڵەی شەهیدانی کۆمەڵەو ئەو کۆششەی کە لە پێناو زیندوو راگرتنی یادو بیرەوەری ئەواندا کردووتانەو ئەم رەنج وئازارەی کە لەم رێگایەدا کێشاوتانە تێدەگەین‌و لە ئاستیدا سەری رێز و نەوازش دادەنەوێنین.

کۆماری ئیسلامی نەك هەر بە هۆی ئەو کۆك نەبوون‌و نەهاتنەوە مێژووییەی لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا, بەڵکوو بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە تێی کەوتووە و لە پلەی یەکەمدا خەباتی خەڵك بۆ وەدەست هێنانی ئازادی کە خەڵکی کوردستان پێشەنگی ئەم

خەباتەن‌و هەروەها رەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ناوچەکە و لە جیهاندا، فەوتان و لەناوچوونی چاوەڕوانکراوە. بەشی زۆری ئەو رێگا پڕ هەوراز و نشێوەمان تێپەڕکردووە.

جارێکیتر سلاوتان بۆ دەنێرین و دەستتان بە گەرمی دەگوشین.

کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە

گەلاوێژی 1383

ئاگۆستی 2004

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**